# هەڵسوکەوتی

# ئافرەتانی موسڵمان

# لەماڵەکانیاندا


نووسینی

د . أحمد بن محمد أبا بطين

وەرگێڕانی

دایکی سوننە

پێداچوونەوەی

مامۆستا عدنان بارام



١٤٣٠ ك

چاپی یەکەم


=====================================


لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

www.ba8.org



islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار


هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ


کتێبی ژمارە ﴿٤٩﴾

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی نووسەر

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ، وَنَسْتَعِيْنُهُ ، وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ... ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ ( آل عمران : ١٠٢ ) ... ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً ﴾ ( النساء : ١ ) ... ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً ﴾ ( الأحزاب : ٧٠ – ٧١ ) .

[ أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ ، وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ ] .

صەڵات و سەلام لەسەر سەروەرمان مُحَمَّـد بێت بەندە و پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەوەی کە خوای پەروەردگاری ناردوویەتی بە هیدایەت ، و ئایینی ڕەوا ، بۆ ئەوەی بەرز ڕایبگرێت و سەریبخات بەسەر هەموو ئایینەکاندا ، با بێ باوەڕانیش پێیان خۆش نەبێت .

وە پاشان : گومان لەوەدا نیە کە چاکسازی موسڵمانان نابێت ، و نایەتە دی جگە بە گەڕانەوە نەبێت بۆ ئیسلامی ڕاستیان ، بە هەموو بەها ، و پەیڕەو ، و بیروباوەڕێکی دروستیەوە ، بۆ ئەوەی هەموو بوارەکانی ژیانیانی لە سەر بنیات بنەنەوە ، بەبێ جیاوازی لەوەی کە بوارەکە کۆمەڵایەتی بێت ، یان ڕامیاری ، و ئابووری بێت .

بنەواش لە بنیات نانی کۆمەڵگای موسڵماندا بریتیە لە خێزانی موسڵمان ، لانك و کۆشی خێزانیش بریتیە لە ماڵەوە ، و پەروەردە تیایدا ، کۆڵەکەی ئەم پەروەردەیەش بریتیە لە ئافرەتی موسڵمان ، هەر ئەمەشە هانی داوم کە ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بەم بابەتە بنووسم ، کە داواکارم تیایدا ئەوەم پێشکەش کردبێت کە گرنگە بۆ تاکی موسڵمان بیزانێت سەبارەت بە پەروەردەی ماڵەوە ، وکاریگەری ئافرەتی موسڵمان تیایدا ... خوای پەروەردگاریش مەبەستە لە هەموو شتێکدا ، وشوکر وستایشیش هەر شایستەی ئەوە .

## دەستپێك

خێزان هەڵدەسێت . ئـەوەش بـە هـاریكاری نێوان هـەموو تاكـەكانی . بە ڕاپەڕاندنی لایـەنێكی گـەورەی بانگەشـە بـۆ لای خـوای پـەروەردگار ، جـا ئیـسلامیش بەرپرسـیاریەكی گـەورەی داوە بەسـەر خێزان بەرامبەر بە ئەندامەكانی ، هەموو باوك و دایكێك ، وە ئەوانەش كە جێگەی باوك ودایك دەگرنـەوە ، پـێ هەڵدەسـن بـەپێی توانا و تواناییـەكان ئـەو بەرپرسـیاریەش بەرپرسـیاری پـەروەردە و فێركـردن و بانگەشە كردنە بۆ ئاینی ئیسلام ، كـە دەبێتـە هـۆی خـۆ پارێزی و پاراستنی لـە سزایی توند و تیـژی خوای پەروەردگار .

وە ئەم بەرپرسیاریەش ڕوون دەبێتەوە لە فەرمان كردنی خوای پەروەدگار بە ئیمانداران لەو ئایەتـەدا كە فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَّا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾ ( سورة التحريم : ٦ ) .

هــەروەك چــۆن ئــەم بەرپرســیاریە ڕوون كراوەتــەوە لــە فــەرموودەی پێـشەوای پــەروەردەكاران و بانگەشەكاران پێغەمبەرمان ( محمــد ) ی كوڕی ( عبــدالله ) ﷺ ، كە تێیدا بەرپرسیاری كاربەدەسـتانی بەرامبەر بە ژێردەستەكانیان ڕوون كردۆتەوە ، ئەوەش لـە فەرموودەی ( عبدالله ) ی كوڕی ( عمر ) ـ خوا لە خۆی و باوكی ڕازی بێـت ـ ئەفـەرمووێ پێغەمبـەری خوا ﷺ فەرموویـەتی : " ألا كُلُّكُـمْ رَاعٍ وَكُلُّكُـمْ مَسْئولٌ عَنْ رَعِيَّتِه ، فالْإِمَامُ رَاعٍ وَمَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ على أَهْلِ بَيتِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِــهِ ، وَالْمَـرْأَةُ رَاعِيَةٌ على أَهْلِ بَيْتِ زَوْجِهَا وولده وَ هيَ مَسْئُولَةٌ عَنْ رَعِيَّتِهَا ، وَ عَبْدُ الرَّجُلِ رَاعٍ فِي مَالِ سَيِّدِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ، ألا وَكُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ " [(١)] .

واتە : وریابن هەمووتان كاربەدەستن و هەمووشتان بەرپرسیارن لەوانـەی كە لـەژێر دەستاندایە ، وە پێشەوای گـەورە خـەڵكی كاربەدەسـتە و بـەر پرسـیارە لـەوەی كـە لـەژێر دەسـتیدایە ، وە پیـاوانیش كاربەدەستن لەسەر ماڵ و خێزان ومنداڵیان وە بەرپرسیارە لەوەی كە لەژێر دەستیدایە ، وە ئافرەتـانیش كاربەدەستن لەسەر ماڵی مێردەكانیان و منداڵەكانیان وە بەرپرسیارن لەسەر یان ، وە كەسێك كە بەندەی پیاوێكـە كاربەدەسـتە لەسـەر مـاڵی گەورەكـەی وە بەرپرسیاریـشە لەسـەری ، هـەروەها هـەمووتان كاربەدەستن و هەمووشتان بەرپرسیارن لەوانەی كە لەژێر دەستاندایە .

---

(١) صحيح البخاري مع الفتح ، كتاب الأحكام ، باب قوله سبحانه ﴿ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ ﴾ ( ج١٣ : ص١١١، رقم الحديث : ٧١٣٨ ) .

وە ئەم بەرپرسیاریەش کە باس کرا لەم فەرموودەیەدا بەرپرسیاریەکی گشتی یە و بۆ هەمووانە ، بەرپرسیاری پیاوان تەنها ئەوە نیە کە بژێوی بۆ پەیدابکات ، هەروەها بەرپرسیاری ئافرەتانیش تەنها ئەوە نیە کە خەڵك پێ داهاتوون لە هەستانی بەخزمەت کردن و پاككردنەوە وخواردن ئامادەکردن ، بەڵکو هەریەك لە پیاوان و ئافرەتان لەگەڵ جیاوازی شوێن وپلەوپایەی کۆمەڵایەتیان بەرپرسن لەلایەنە پەروەردەییە باوەڕی وکۆمەڵایەتیەکان ، وە بەرپرسیاری بانگەشەکردنیش بۆ ئیسلام هەر بەشێکە لەو بەرپرسیاریە گشتیە .

هەردوو دەقی ( ئایەت وفەرموودەکە ) کە لە پێشدا باسکران ئەوە دەسەلمێنێ کە دایکان و باوکان ( یان ئەوانەی کە جێگەی ئەوان دەگرنەوە ) ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە کارلێکردنی کۆمەڵایەتی وەکار لێکردن لەسەر منداڵان .

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دوو دەقە بەرپرسیاریەکی بە تەنها و تایبەت دەدن بە سەر ئافرەتاندا ، جیا لە بەبەرپرسیاریان لەگەڵ پیاواندا ، ڕستەی ﴿ الَّذِينَ آمَنُوا ﴾ لە ئایەتە پیرۆزەکەدا گشتی یە پیاوان و ئافرەتان دەگرێتەوە ، هەروەکو چۆن فەرموودەکە بەرپرسیاریەکی تایبەت و گەورە بە ئافرەتانی موسڵمان دیاری دەکات ، و بەشێکی زۆر گەورە لە ئاکام ودەرئەنجامی لەسەر شانی داناوە ، ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە لەم فەرموودەیەدا : " وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ على أَهْلِ بَيْتِ زَوْجِهَا وولده وَ هيَ مَسْئُولَةٌ عَنْ رَعِيَّتِهَا " .

بەڵکو ئەم فەرموودەیە ئەوەندە بەرپرسیاری ئافرەتانی بەربڵاو و فراوان کردوەتەوە بەشێوەیەك منداڵی مێردەکەشی دەگرێتەوە کە لە ئافرەتێکی ترن جگە لە خۆی ، وە هەروەها ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە بەرپرسیاریەکی زۆر گەورەی لەسەر شانە لەپاراستن و چاودێری کردنی منداڵەکانی بە تایبەت کچەکانی ، ئەوەش لە بەر زیاتر پێکەوە مانەوەیان لە گەڵ یەکدا لە ماڵدا و ئەو پەیوەندیە زیاترەی کە هەیانە بەیەکەوە ، وە لە چوارچێوەی ئەم بەرپرسیاریەشدا بەرپرسیاری بانگەشە کردن دێت بۆ لای خوای گەورە .

جا ئەگەر هەستین بە بەراورد کردنێك لەنێوان بەرپرسیاری پیاوان و بەرپرسیاری ئافرەتان . بەتایبەت . لەخێزاندا ، ئەبینین ئافرەتان نارەحەتی و قورسیەکی گەورەتریان هەڵگرتووە ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو سك پڕ دەبێت وشیر دەدات و منداڵەکانی بەخێو دەکات ، و بەردەوامیش لە گەڵ منداڵەکەدا دەبێت و لێی جیانابێتەوە تاکو تەمەنی جیاکاری ، بگرە پێوە پەیوەستە تاکو پاش تەمەنی جیاکاری و پێش تەمەنی بالغ بوونیشی ، ئیتر ئەگەر لەماڵەوە بێت یان لەدەرەوە ، وە ئەگەر باوکی ئامادەبێت یان نادیار ، و موسافر بێت یان لەماڵ بێت ، هەروەك چۆن پاراستن وپەیوەست بوونی لەگەڵ منداڵەکانی داواکاری لەسەریان درێژە دەکێشێ تاکو پاش مردنی باوکیشیان ، و ئەمەش هەندێك لە مەبەستەکانی ئاینی

ئیسلاممان بۆ ڕوون و ئاشكرا دەكاتەوە لەوەی كە فەرمانی كردووە بەمانەوەی ئافرەتان لە ماڵەكانیاندا ، هەروەك چۆن لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرموویەتی : ﴿ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ﴾ ( سورة الأحزاب : ٣٣ ) .

واتە : لە ماڵەكانیاندا بمێننەوە و خۆتان مەڕازێنەوە و خۆتان بۆن خۆش مەكەن وەكو سەردەمی نەفامی و نوێژ بكەن و زەكات بدەن وگوێ ڕایەڵی پێغەمبەری خوا بكەن ﷺ .

جا ئەگەر ئافرەتانی موسڵمان پابەند بن بەفەرمانی پەروەردگاریان بە مانەوەیان لەماڵدا و نەفسی خۆی لە سەر ئەوە ، و لەگەڵ پاراستنی خۆی وكەس وكار و منداڵەكانی لە ئاگری دۆزەخ ، و بە جوانی شوێن كەوتن ، و چاودێری و بە ئاراستەكردنیان ، و ئامادەباش كرد و بانگەشە كردن بۆ لای خوای گەورە ، و فەرمان كردن بەچاكە و یاساغی كردن لە خراپە ، لە گەڵ پەروەردەی نمونەیی بۆ ئەوانەی كە لەژێر دەستیدان ، یان ئەوانەی كە لە سنوری ژینگەی خێزان و ئافرەتاندایە ، ئەمەشی بەسە بۆ ئەوەی پلە و پایەی بەرز بكاتەوە و ڕێزداری پێ ببەخشێت .

## پەیڕەوی بانگەشەیی لە ماڵەوە

ژینگەی ماڵەوە تایبەت مەندیەكی جیاوازی هەیە لەپەیڕەو و ناوەندەكانی تری پەروەردە ، بە شێوەیەكی دیاری كراو ، هەر ئەویشە پەیامێكی تایبەتە و پەیڕەوێكی كەم وێنەیە ، بەشێوەیەك جیاوازە لە پەیڕەوی مزگەوت وقوتابخانە و جگە لەوانیش ، لە ڕێگەی بەڕووخستنی زانیاریەكان و چۆنیەتی و پیادەكردنی ئەو زانیاریانە لەزەمینەی واقیعدا ، گرنگی ڕۆڵی ماڵەوە و بەتایبەت بەشداری بوونی ئافرەت تیایدا زیاتر دەبێت ، لە ناو گەلانی موسڵماندا ، یان لەناو كەمایەتیە موسڵمانانەی كە پیلانی پەروەردە و فێركردن تیایدا پەیڕەوە ئیسلامەیەكان ناگرێتە خۆ .

وەناشبێت ئەوە بووترێت دەتوانرێت ئافرەت لە بەرپرسیاری بانگەشەی لە بواری ماڵدا عەفو بكرێت ئەو ئەركەی بەسەردا نەدرێت ، تەنها لەبەر ئەوەی حكومەتەكان وازیان هێناوە لەم بەرپرسیاریە ، یان پێی هەڵ ناستن .

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت ئەوە بوترێت كە بەرپرسیاریەكان وەكو یەكن لەهەموو ژینگەیەكدا ، چونكە هەموو ژینگە و هەموو خێزانێك بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە ، و تواناكانیشیان جیاوازە لە

یەكتر ، و بەرپرسیاریەكانیشیان ، گەورەتر بوونی بەرپرسیاریەكانیش زیاد دەكەن و گەورە دەبن بە زیاد بوون و گەورەبوونی بەخشراوەكانی خێزانەكان .

بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئافرەتی موسڵمان ئامادەباش بكەین بۆ هەستان بەكاری بانگەشە ، ئەوە پێویستە ئەو مەرجانەی تێدا هەبێت كە وای لێ دەكات كەسێكی شیاو و گونجاو بێت بۆ ئەوەی هەستێ بەو كارە . وەك : زانیاری شەرعی ، كردار كردن بەو زانیارییە ، و بانگەشە كردن بۆ ئەو زانیارییە ، و ئارام گرتن لەسەر ئەو ئازار و ناڕەحەتیانەی كە بە هۆیەوە توشی دەبێت [٢] ، و بانگەشەشی لەسەر بینایی و چاوڕۆشنی بێت نەك كوێرانە ، ئەم پەیڕەو و بەرنامەیەش خوای بڵند و بالاّ دەست بۆ پێغەمبەرەكەی ﷺ ڕوون كردووەتەوە ، ئەوەش لەو ئایەتەی كە تێیدا فەرموویەتی : ﴿ قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾ ( سورة يوسف : ١٠٨ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پێیان بڵێ ئەمە ڕێگاكەی منە بانگەشە دەكەم بۆ لای خوای پەروەردگار لەسەر چاوڕۆشنی و زانیاریەوە من و ئەوانەش كە شوێنم كەوتوون ، وە پاكی و بێگەردی بۆ خوا ، و منیش لە هاوەڵبڕیار دەران نیم .

وە لەم ئایەتەوە گرنگی خۆ ئامادە كردنی زانیاریمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، كە بە بنەمای ئامادە كردنی بانگەشیی و بنەوای دەژمێردرێت .

(٢) پێشەوا ( محمد ) ی كوڕی ( عبدالوهاب ) ئاماژەی بەم چوار بنەوایە داوە ، بڕوانە : ( الأصول الثلاثة وأدلتها ) .

# ڕەگەز و بنەواکانی پەروەردەی بانگەشەیی ماڵەوە

لە کاتێکدا کە ناتوانرێت بەرپرسیاری بانگەشەیی لە ماڵدا بە وردی کۆبکرێتەوە ، لەوانەیە بتوانین تیشك بخەینە سەر گرنگترین بەشەکانی ئەم بەرپرسیارییە ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە .

**یەکەم** : **پەروەردەی ئیمانی ( باوەڕی ) و زانستی** .

**دووەم** : **پەروەردەی ئاکارو ڕەوشتی ( خوو ڕەوشتی )** .

**سێ یەم** : **پەروەردەی دەروونی** .

**چوارەم** : **پەروەردەی کۆمەڵایەتی** .

**پێنجەم** : **پەروەردەی جەستەیی** .

**شەشەم** : **پەروەردەی ئارەزویی ( جنسی )** .

**حەوتەم** : **پەروەردەی بانگەشەیی** .

[redacted]

١ . ئەم بەرپرسیارییە دەست پێ دەکات لەسەرەتای ئاراستە کردنی ئیسلامەوە لە دامەزراندنی ژیانی ژن ومێردایەتی ، ئەوەش بە هەڵبژاردنی هەر یەکێك لەژن و مێرد بۆ هاوسەر و هاودەمی ژیانی خۆی ، بە پێی ویستی خوای پەروەردگار .

سەبارەت بەو بەڵگانەی کە هاتوون و تایبەتن بە هەڵبژاردنی مێرد بۆ خێزانەکەی ، لەوانە : ئەو فەرموودەیەیە کە ( أبو هريرة ) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لأَرْبَعٍ لِمَالِهَا وَلِحَسَبِهَا وَجَمَالِهَا وَلِدِينِهَا فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ " [٣] .

واتە : ئافرەتان خوازبێنی دەکرێن لەسەر ئەم چوار شت : لەبەر پارەو پول و بنەماڵە و پلەوپایە و جوانی و پابەند بوونی بە ئاینەوە ، با تۆ خوازبێنی کردنەکەت لەبەر پابەند بوونی بێت بە ئاینەوە دەستت دەچێ بەخۆڵا ، واتە : بەرەکەتت بە سەردا دەڕژێت .

---

[٣] ( رواه البخاري في صحيحه ، برقم : ٥٠٩٠ ) .

وە ئەوەش كە تایبەت بە هەڵبژاردنی ئافرەتان بۆ مێردەكانیان هاتوون ، لەوانە : ئەو فەرموودەیەیە كە ( أبو حاتم المزني ) بۆمان دەگێڕێتەوە ودەفەرمووێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ إِلَّا تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الْآرْضِ وَفَسَادٌ " [٤] .

واتە : ئەگەر كەسێك هاتە خوازبێنی كچەكانتان ، ئەوا بڕوانن ئەگەر ڕازیبوون لە ئاین داریێتی و ڕەوشتیان ، ئەوا ژنیان بدەنی ، چونكە ئەگەر وانەكەن ئەوا فیتنە و خراپەكاری دەكەوێتەوە لە سەر زەوی .

جا ئەگەر تۆ ژیانت دامەزراند لەسەر بنچینەیەكی ڕاست ودروست ، لە هەڵبژاردندا یارمەتی دەرت دەبێت بۆ دۆزینەوە و بەدیهێنانی ژیانێكی سەلامەت و ئاسوودە . بەویستی خوای گەورە . .

٢ . یاد كردنی خوای پەروەردگار لەهەموو بارودۆخ و كاتێكدا .

٣ . داواكردن لەخوای گەورە بۆ صاڵحانێتی منداڵ پێش هاتنی واتە : پێش بوونی منداڵەكە .

٤ . پاشان قۆناغی منداڵ خستنەوە دێت ، كە كاریگەری كۆمەڵایەتی دەست پێ دەكات لەنێوان دایك و منداڵەكەی هەر لە یەكەم ساتەكانی لەدایك بوونی ، بە كردنەوەی گوێی لە لایەن دایكیەوە بە ووتنی ووشەی یەكتاپەرستی كە ( لا إله إلا الله ) یە ، ئەوەش بە بانگ دان بە گوێی منداڵەكەیدا ، كە شوێن كەوتنی سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، كاتێك كە بانگی دا بەگوێی ( حسين ) ی كوڕی ( علي ) دا لە كاتێك كە ( فاطمة ) ( حسين ) ی بوو ، هەروەكو چۆن بۆ نوێژ بانگ دەدرێ [۞] ، (( وە نهێنی بانگەكەش . والله أعلم . ئەوەیە بۆ ئەوەی یەكەم شتێك كە بەگوێی مرۆڤدا دەدرێت ووشەیەلێك بێت كە گەورەی و كبریائی خوای پەروەردگار بگرێتە خۆی )) [۞۞] .

٥ . پاشان قۆناغی كاریگەری كۆمەڵایەتی دەست پێ دەكات ، بە تێڕوانین وچاودێری كردن لە لای منداڵەكەوە ، دەبینین هەموو ووشەیەكی دایكەكەی دەبیستێت ، و هەموو جموجوڵێكی دەبینێت ، و لاسایی دایكی دەكاتەوە لە هەموو ووتە و جوڵەیەكیدا ، بەبێ ئەوەی دایكی فەرمانی پێ بكات یان نەهی لێ بكات . ئەم كردارەش لە منداڵەوە بۆ دایكی پێی دەووترێت لاسای ( المحاكاة ) ـ ئەبینن منداڵ هەندێك ووشە دووبارە دەكاتەوە كە لەدەورو وبەر و ئەندامانی كۆمەڵگاكەی یستوویەتی ، هەروەك ئەبینین

---

[٤] ( رواه الترمذي في سننه ، وصححه العلامة الألباني في صحيح سنن الترمذي ، برقم : ١٠٩٧ ) .

[۞] نووسەر لێرەدا ئاماژە بە فەرموودەی ( أبو رافع ) دەكات رضي الله عنه كە فەرموویەتی : " رأيت رسول الله ﷺ أذن في أذن الحسن بن علي حين ولدته فاطمة رضي الله عنها بالصلاة " كە پێشتر شێخی ئەلبانی لە : ( الكلم الطيب (٢١٠) ط : ٣ ، و الإرواء ( ١١٧٣ ) ، و أبو داود ( ٥١٠٥ ) ، و الترمذي ( ١٥١٤ ) دا بە ( حسن ) ی دانابوو ، پاشان بۆ ئاشكرا بوو كە فەرموودەكە ( ضعيف ) ە ، و لە ( صحيح الكلم : ص ١٦٢، طبعة المعارف ، والضعيفة ) دا و بەژمارەی : ( ٦١٢١ ) ئاماژەی پێداوە . بۆ زانینی ئەوەش بڕوانە : ( تراجعات العلامة الألباني في التصحيح والتضعيف : ج ١ / ص ٢٢ ، ژمارە : ٢٢ ) ، بۆیە دەبینین دواتر شێخ ئەلبانی . بە ڕەحمەت بێت . دەیفەرموو : بانگ دان بە گوێ منداڵی ساوا سوننەت نیە ، بەڵكو بیدعەیە . ( مامۆستا : عدنان بارام ) .

[۞۞] بڕوانە : ( تحفة المودود في أحكام المولود ) ی ( ابن القيم ) : لاپەڕە : ٢٥ .

منداڵان لاسایی باوکیان دەکەنەوە لەجموجۆڵی نوێژەکانیان لە کڕنووش بردن وسوژدە بردن و هەستان و دانیشتنیان ، و هێشتا نەگەیشتوتە تەمەنی سیٚ ساڵی ، وەك چۆن ئەبینن کە منداڵ دەتوانێت قسە و باس بکات داوا لەدایکی دەکات کەجل و بەرگێکی بۆ بدروێت وەکو جل و بەرگەکەی دایکی بێت ، کە بۆ نوێژەکانی لەبەری دەکات .

٦ . وە لەبەر ئەوەی کە یەکتاپەرستی بنەمایە لە پەرستشی خوای پاك و بێگەرد ، وە پێویستیشە منداڵ خوای پەروەردگار بەتاك و تەنهایی بناسیٚ لە پەروەردگارییەتیدا و لە یەکتاپەرستیدا و لە ناو و سیفەتەکانیدا ، تاوەکو خوای گەورە بپەرستیت لەسەر ئەو شێوەیەی کەخوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ داوامان لیٚ دەکات ، و خوای گەورە ئەیەویٚ .

ئەوەش کە پێویستە لێرەدا ئامـاژەی پێبکرێـت ئاسـانکاری کردنـە لـە ڕێگـەکانی خستنە ڕووی زانیاریەکانە لەبارەی ( یەکتا پەرستی ) بیروباوەڕەوە بە شێوەیەك کە گونجاو و شیاو بێت بۆ مێشکی منداڵەکە ، بەوەی کە توانای لەسەری هەبێت ، وەری دەگریٚ ، وەك ئەوەی بابەتەکانی یەکتا پەرستی بۆ باس بکرێت بەشێوەی چیرۆك ، یان وەکو نموونە هێنانەوە ، لەگەڵ پەرەپێدانی توانای تێفکران و بیرکردنەوە لە دروست کراوەکانی خوای پەروەردگار کە بەڵگەن لەسەر یەکدانەری و تاکانەیی خوای پەروەردگار ، بە شێوەك پلە پلە بگوێزرێتەوە لە حەقیقەتی بینراوەکان بۆ شتە نادیارەکان کە بە هۆی عەقڵەوە دەزانرێن ، وە لە بەشیەکانەوە بۆ گشتیەکان ، بۆ ئەوەی باوەڕ بوونەکەی بە خوای پاك و بێگەرد بەبەڵگەوە بێت ، وە ئەم بەرنامەیەش لەئایەتە پیرۆزەکانی قورئان خراونەتە ڕوو .

٧ . وە ئەگەر منداڵ گەشتە تەمەنی حەوت ساڵی ئەوا پێویستە لەسەر دایك پلە و پایەکانی ئاینی فێر بکات ، کە ئەمانەن : باوەڕ ( الإيمان ) ، و ئیسلام ( الإسلام ) ، و ئیحسان و چاکەکاری ( الإحسان ) ، پاشان فەرمان بکات بە منداڵەکانی بە نوێژکردن ( بە کوڕ و کچیانەوە ) ، و ڕایان بهێنیٚ لەسەر کردنی ، و فێری هەموو ئەو ئەحکامانەیان بکات کە پەیوەستە بەدەست نوێژ و نوێژەوە ، و هەموو بنەواکان و پێویستی و سونەتەکانیان ، و ئەوەش کە دەست نوێژ و نوێژیش بەتاڵ دەکاتەوە ، لەگەڵ لەبەرکردنی هەندێك دەقی فەرموودە کە پەیوەستن بەو ئەحکامانەوە ، ئەمانەش لەماوەی سیٚ ساڵی یەك لەدوای یەك ، بەبیٚ سست بوون وبێتاقەت بوونێك لە گەڵیاندا ، جارێك بە شێوازی نەرمی بەخشش پێدان ، و جارێکیش بە شێوازی توندی و توڕە بوون هەرکاتێك پێویستی کرد ، بەبیٚ ئەوەی لێدان لەگەڵیاندا بەکاربهێنرێت ، ئەگەر منداڵ لەم تەمەنەدا نوێژی ئەنجامدا ئەوا زۆرباشە .

وە ئەگەر منداڵەکە گەشتە تەمەنی دە ساڵی و کەم وکورتی هەبوو لەنوێژدا و ئەنجامی نەدەدا ، ئەوا ئەبیٚ دایك ئەمجارەیان لێدان بەکار بهێنیٚ ، بەبیٚ ئەوەی هیچ شوێنێکی زامدار بکات یان بشکێنیٚ کە

ئەوەش جێ بەجێ كردنی فەرمانی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، كە ( عمرو ) ی كوڕی ( عـــاص ) رضي الله عنه لـە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی : " مروا أولادكم بالصلاة و هـم أبنـاء سـبع سـنين و اضربوهم عليها و هم أبناء عشر سنين و فرقوا بينهم في المضاجع " [٥] .

واتە : فەرمان بكەن بە منداڵەكانتان بە ئەنجامدانی نوێژ لەتەمەنی حەوت ساڵی ، و لێشیان بدەن لەسەر ئەنجام نەدانی نوێژ لەتەمەنی دە ساڵی ، هەر لەو تەمەنەشدا جێگەی خەوتنیان لەیەك جیا بكەنەوە .

وە ئەبێ كوڕ ڕابهێنرێت لەسەر ئەنجامدانی نوێژ لەگەڵ جەماعەتی موسڵمانان لەمزگەوتدا ، چونكە ئەم كارە تایبەتە بەنێرینەكانەوە ، چونكە نوێژی جەماعەت پێویست و واجبە لەسەر پیاوان نەك لەسەر ئافرەتان .

٨ . وە ئەبێ دایك هاوبەشی بكات لەفێركردنی منداڵەكەی بۆ هەندێك لە سورەتەكانی قورئانی پیرۆز ، و پێی لەبەر بكات ، بە تایبەت ئەو سورەتانەی كە ئەبێ لەبەری بكات بۆ جێ بەجێ كردنی نوێژەكەی ، وەكو سورەتی فاتیحە و سورەتە كورتەكان ، و ئەوانەی دوای ئەوان بە وردە وردە و بەگوێرەی توانایان .

٩ . ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ ژیاننامەیەكی زۆرباش وگولاویە ، هەموو ئەو شتانە دەخاتە ڕوو كە پێغەمبەری خوای لەسەر بووە ﷺ ، لەهەموو بارودۆخەكانیدا ، هەر ئەویشە پێشەنگ و پێشەوا ، و شارەزابوون و فێربوونی پلەپلە لەژیانی لەو شتانەیە كە زۆر گرنگن بۆ ژیانی موسڵمانان ، بۆیە پێویستە زیاتر بایەخی پێ بدەین ، و لەگەڵ ژیانی هاوەڵەكانی و شوێن كەوتووانیان ، پیاو بن یان ئافرەت . خوای گەورە لە هەموویان ڕازی بێت . .

١٠ . لە كاتێكدا كە زمانی عەرەبی زمانی قورئانی پیرۆزە ، بۆیە پێویستە لەسەرمان منداڵەكانمان وا ڕابێنین كە لەسەر قسەكردن بە پاراوییەكی تەواو ، لە گەڵ ڕێگرتن لە هەموو ئەو وشە گشتیانەی كە لەكاتی قسەكردن لەماڵەوە بەكار دەهێنرێن ، ئەوەش بەگوێرەی توانا ، تاوەكو زمانی عەرەبی تێكەڵ بەخوێن و دەماریان دەبێت ، و زمانیشیانی پێ ڕاست بكەنەوە .

١١ . بەدەست خستنی كتێبی گونجاو و بەسوود بۆ هەموو تاكێكی خێزان ، بەكوڕ و بەكچیانەوە ، بە پیاو و ئافرەتیشەوە ، لە گەڵ دوور كردنەوەی ئەو كتێبانەی كە زیان بەخشن بە بیروباوەڕ و ڕەوشت و هەڵسوكەوتدا .

---

[٥] ( مسند الإمام أحمد : ٢/ ١٧٨، وقال عنه الألباني: حسن ، انظر : صحيح الجامع الصغير وزيادته : برقم : ٥٧٤٤ ) .

١٢ . بەدەست خستنی كاسێت و شریتی قورئان و ووتار كۆڕ و سروود ، ئەوانەی كە بیروباوەڕ پتەو دەكەنەوە ، و هاندەرن بۆ پابەندبوون بە ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە بەگوفتار و كردارەوە .

## دووەم : پەروەردەی ئاكارو ڕەوشت

بەرپرسیاری پەروەردەی ئاكار و ڕەوشت بەپلەی دووەم دێت لەبەرپرسیاریە پەروەردەییەكانی ماڵدا ، ئافرەتی موسڵمانی بانگەشەكاریش بەشی گەورەی ئەم بەرپرسیاریە هەڵدەگرێت .

ڕەگەز و بەشەكانی پەروەردەی ئاكار و ڕەوشت زۆر زۆرن و ناتوانرێت سنوریان بۆ دیای بكرێت سەرەڕای ئەوەی كە بتوانرێت بەتێر و تەسەلی لەسەری بدوێین . بەڵام ئەوەمان بەسە كە گرنگترین ڕەگەز و بەشەكانی ئەم پەروەردەیە باس بكەین كە هەموو ئەو ئاكارانە دەنوێنن كە دەبێت هەموو مرۆڤێك لە ڕەوشتی دا ڕەنگ بداتەوە لە ژیانی تایبەت و گشتی دا . وە ئەمانەی خوارەوە گرنگترین ئەو ئاكار و سیفەتانەش :

**١ ـ ڕاستگۆیی** .

**٢ ـ** ( الأمانة ) **واتە : ئەمانەت دارێتی** .

**٣ ـ پەروەردە و ڕاهێنانی زمان لەسەر ووتەی چاك و جوان** .

١ . وە سەبارەت بەوەی كە پێویستە بەڕاستگویی ، ئەوەیە كە یەكێكە لە گرنگترین و بایەخ دارترین بەها ڕەوشتیەكان ، و بەڵگەشە لەسەر باوەڕی خاوەنەكەی ، درۆش پێچەوانەكەیەتی ، كە بە بەشێك و دروشمێك لە دروشمەكانی دوو ڕووی دەژمێردرێ . پەنابەخوا لەو كارە . ئەوەتا ئاینی ئیسلامیش هانمان دەدات لەسەر ڕاستگۆیی و وریاشمان دەكاتەوە لەدرۆ كردن ، هەر بۆئەمەشە خێزانی موسڵمان بەرپرسیارە بەرامبەر بە خوای باڵا دەست لە كاركردن بۆ چەسپاندنی چۆنێتی ڕاستگۆیی ، و هەموو ئەو ئاكارێكی باش لە هەڵسوكەوتی هەموو تاكی خێزاندا بە گەورە و بچوكەوە ، چونكە ئەم سیفەتە هۆكارە بۆ جێگیربوونی ژیان و بەردەوامی لەسەر هەڵسوكەوت وڕەوشتە جوانەكان وجێگیربوون وبەردەوام بوونی ڕەوشت وئاكارەكانی تر .

وە پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی لە ناو خێزاندا و داوامان لێ دەكات تاك تاكی خێزانەكە ڕابهێنرێ لەسەر ڕاستگۆیی لە هەموو گۆفتار وكردارێكدا ، بچوك بێت یان گەورە ، وە بەرپرسیاری لەو كارەدا پێویستە و دەكەوێتە سەر پێگەیشتوان پیاو بن یان ئافرەت ئەوەش بەوەی كە خۆیان لە ئاستی پێشەنگی و پێشەوای دابنەن لەو كارەدا .

چونكە ئەوانە یەكەمین كەسانێكن كە چاویان لێ بكرێت ، هەر بۆ ئەمەشە ئاینی ئیسلامی پیرۆز وەسێت دەكات بەڕاستگۆیی و وریاشمان دەكاتەوە لە دژەكەی . واتە : درۆكردن . بەتایبەت لە گەڵ منداڵاندا بۆ ئەوەی پێگەیشتنێكی چاك پێبگەن ، بەڵام بەداخەوە ئەگەر سەیرێكی حاڵی خۆمان بكەین لەگەڵ منداڵانماندا ئەبینین كەمتەرخەمیەكی زۆرمان كردووە لە گەڵیاندا ، ئەوەش بە زۆری پێچەوانەبوونەوەی كردەوەكانمان لەگەڵ ووتەكانماندا !! وە نەبوونی ڕاستگۆیی لە پەیمانەكانمان لەگەڵیاندا ، وە ئەمەش نەخۆشیەكی خراپە و كەم و كورتیەكی گەورەیە لە پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی تاكەكانی كۆمەڵگا .

لەم لایەنەشەوە پێغەمبەری خوا ﷺ نزمترین پلەی درۆكردنمان بۆ ڕوون دەكاتەوە لە گەڵ منداڵاندا و ئەفەرمێ : " من قال لصبي تعال هاك ثم لم يعطه شيئا فهي كذبة " [٦] .

واتە : لەو فەرموودەیەی أبوهریرە ڕیوایەتی كردووە: هەركەسێك بڵێت بەمنداڵێك وەرە ئەمەت بدەمێ وپاشان هیچ شتێكی نەداتێ ئەوە بەدرۆ بۆی دەنوسرێت .

وە ئەم فەرموودەیە ( شاهد ) ێكی هەیە لە فەرموودەی ( عبدالله ) كوڕی ( عامر ) كە ئەفەرمێ : " أتى رسول الله ﷺ في بيتنا وأنا صبي ، قال : فذهبت أخرج لألعب ، فقالت أمي : يا عبدالله ! تعال أعطيك . فقال رسول الله : وما أردت أن تعطيه ؟ قالت : أعطيه تمرا . قال : فقال رسول الله ﷺ : أما إنك لو لم تعطه شيئا كتبت عليك كذبة " [٧] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ ماڵمان ، لە كاتێكدا من منداڵ بووم ، دەڵێ : ویستم دەرچم لە ماڵ بۆ ئەوەی یاری بكەم ، دایكم ووتی : ئەی ( عبدالله ) وەرە تاشتێكت بدەمێ : پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : ئەتەوێ چی بدەیتێ ؟ وتی : خورمای پێ دەدەم ، دەڵێ : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : جا ئەگەر تۆ شتێكی پێ نەدەیت ئەوە بەدرۆ لەسەرت دەنوسرێ .

٢ . وە سەبارەت بە ئەمانەتدارێتی ئەویش پلە و پایەی زۆر گەورەیە ، هەروەك دەبینین لە قورئاندا هاتووە بەشێوەیەك ئەوەی لەئایندا هەبێت دەیگرێتەوە ، فەرمان پێكراوەكان بێت یان نەهی لێكراوەكان [۞] ، وە ئەوەتا ڕاستگۆی لەگەڵ ئەمانەت ، و لەگەڵ درۆدا هاتووە لە فەرموودەكانی پێغەمبەری خوادا ﷺ ، كە دەبینین بە نیشانەی باوەڕی خاوەنەكەی دانراوە لەهەر كەسێكدا بێت ، وە بەڵگەشە لەسەر دووڕووی ئەگەر خاوەنەكەی وازی لێ بێنێ ( واتە : وازبێنێ لە ئەمانەت ) .

---

[٦] ( رواه أحمد في المسند : ج ٢ / ص ٤٥٢ ، وصححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : ٧٤٨ ) .
[٧] ( رواه أحمد في المسند : ج ٣ / ص ٤٤٧ ، وصححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : ٧٤٨ ) . .
[۞] **بڕوانە** : ( تفسير ابن كثير : ج ٦ : ص ٤٧٧ ) .

لە ( أبو هريرة ) وە رضي الله عنه دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ : " آية المنافق ثلاث : إذا حدث كذب ، وإذا وعد أخلف ، وإذا أؤتمن خان " [٨] .

واتە : نیشانەی دووڕووی سیانە : کاتێك قسەدەکات درۆ دەکات ، وە کاتێك کە پەیمانێك دەدات نایباتە سەر ، وە کاتێکیش کە ئەمانەتێکی لادادەنێیت خیانەتی لێ دەکات .

وە لە ( عبدالله ) ی کوڕی ( عمرو ) ەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " أربع من كن فيه كان منافقا خالصا ، ومن كانت فيه خصلة منهن ، كانت فيه خصلة من النفاق ، حتى يدعها : إذا اؤتمن خان ، وإذا حدث كذب ، وإذا عاهد غدر ، وإذا خاصم فجر " [٩] .

واتە : چوار شت هەن هەر کەسێك تیادا بن ئەوە دووڕوویەکی یەکلا و تەواوە ، وە هەر کەسێکش بەشێکی تیدا بێت ئەوە بەشێکی لە دووڕوویی تیایە ، هەتاکو وازی لێ ئەهێنێ ، کاتێك کە ئەمانەتێکی لەلا دادەنرێت خیانەتی ( ناپاکی ) لێ دەکات ، وە کاتێك کە قسە دەکات درۆ دەکات ، وە کاتێکیش کە پەیمانێك دەدات غەدری لێ دەکات .

لە بەر ئەوەیە پێویستە لەسەر خۆمان و منداڵەکانمان لەسەر ئەمانەت ڕابێنین و پەروەردە بکەین ، وە وریاشیان بکەینەوە لەخیانەت عاقیبەتی خراپی ئەو کارە ، تا ئەوەی دەگاتە پاراستنی مافی خەڵکی و داراییان و پارێزگاری لێکردنی ئەو شتانەی کە لە سەرە ڕێگە و گوێ ڕێکاندا دەیدۆزنەوە ، با لەدید و بۆچوونی ئێمەشدا کەم نرخیش بێت ، چونکە ئەو شتە وون بووانەی کە لەخاوەنەکانیان کەوتوون ئەچنە حوکمی شتە گومبووەکانەوە ( اللقطة ) ، بەوەش ئێمە منداڵەکانمان پەروەردە دەکەین کە دڵ پەیوەست نەکەن بەو شتانەوە ، و حەزی موڵکداریێتی ئەو شتانەیان نەبێت ، و وایان لێبکەین و هانیان بدەین لە سەر ئەوەی کە ئەو شتانە بگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان بە گوێرەی توانا .

٣ . پەروەردەکردنی زمان لەسەر گوفتاری چاك و جوان ، و دوورکەوتنەوە لە قسەی خراپ و ناشرین یەکێکە لەڕەوشتە بەرزەکان کە ئاینی ئیسلام هانمان دەدات لەسەری لە هەردوو سەرچاوەیدا : قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ ، ئەوەتا خوای گەورە دوو فریشتەی ڕاسپاردووە و کردوونی بە بەرپرسیار یەکێکیان چاکەکانی بەندەکانی خوای پەروەردگار دەنوسێت ئەوەکەشیان خراپەکان دەنوسێ ، خوای گەورە بەبەندەکەشی ڕاگەیاندووە و زانیاریشی لەو بارەیەوە پێ داوە ، بۆ ئەوەی هەر لەخودی نەفسی خۆیدا چاودێرێك دانا لەسەر خۆی ، خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ

---

[٨] ( رواه البخاري ، برقم : ٣٢ ) .

[٩] ( رواه البخاري ، برقم : ٣٣ ) .

رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴾ ( سـورة ق : ١٨ ) ، **هیچ ووتە و گوفتارێك لە چاك و لە خراپ لە زار و زمانی مرۆڤەوە دەرناچێ ئیلا چاودێرێك بەسەریەوەیە و ئامادەیە لەسەری ، و تۆماری دەكات .**

**پێغەمبەری خوا ﷺ باوەڕ بوون بەخوا و ووتنی ووشەی چاكی پەیوەست كردووە بە یەكەوە كە ئەفەرموێ :** " مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْـرًا أَوْ لِيَـصْمُتْ ... " [١٠] ، **واتە : هەركەسێك بڕوای بەخوای پەروەردگار و ڕۆژی دوایی هەیە ، با قسە و گوفتاری چاك و باش بكات یان بێ دەنگ بێت .**

**فەرموودەكەش** ( أبو هريرة ) رضي الله عنه **ڕیوایەتی كردووە .**

**جا ئەگەر باوك ودایك ویستیان منداڵەكانیان ڕابێنن و پەروەردە بكەن لەسەر پاراستنی زمانیان لە جوێن دان وقسە و گوفتاری خراپ ، ئەوا ئەم چوار شتەیان لەسەر پێویستە :**

**یەكەم : منداڵان فێری دەقەكانی قورئان و فەرموودە بكەن و بیریان بخەنەوە ، ئەو دەقانەی كە هانیان دەدات لەسەر پاراستنی زمان ، هەركاتێك كە پێویستیان بەوە كرد .**

**هەروەك چۆن** ( أبو هريرة ) رضي الله عنه **ئەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ كە ئەفەرموێ :** " إِنَّ الْعَبْـدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِـنْ رِضْوَانِ اللَّهِ لاَ يُلْقِى لَهَا بَالاً ، يَرْفَعُ اللَّهُ بِهَا دَرَجَاتٍ ، وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ لاَ يُلْقِى لَهَا بَالاً يَهْوِى بِهَا فِى جَهَنَّمَ " [١١] .

**واتە : جاری واهەیە بەندە وشەیەكی لەڕەزامەندی خوا دێتە سەر زار بەبێ ئەوەی هیچ بایەخێكی پێ بدات ، خوای گەورە بەو وشەیە چەندەها پلە بەرزی دەكاتەوە ، هەروەها جاری واش هەیە بەندە وشەیەكی لەتوڕەبوونی خوا دێتە سەر زار ، بەبێ ئەوەی هیچ بایەخی پێ بدات ، خوای گەورە بەهۆیەوە توڕی ( فڕێی ) دەداتە ناو ئاگری دۆزەخەوە .**

**دووەم : ئینكاركردنی زۆر بەتوند و تیژی لەو كاتەی كە ووتە و قسەی خراپ وناشرین دەكات .**

**سێیەم : هاوڕیەكی چاكی بۆ هەڵبژێریت و دووری خەیتەوە لەهاوڕێی خراپ ، بۆ ئەوەی منداڵەكانیان بپارێزن لەتووڕەیی خوای گەورە ، و هەوڵی بەرز بوونەوەی پلەیان بۆ بدەین لەلای خوای پەروەردگار .**

**لە** ( أبو موسى ) **ی** ( الأشعري ) **ەوە** رضي الله عنه **ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی :** " مَثَلُ الْجَلِيسِ الصَّالِحِ وَالسَّوْءِ كَحَامِلِ الْمِسْكِ وَنَافِخِ الْكِيرِ ، فَحَامِـلُ الْمِسْكِ إِمَّـا أَنْ يُحْذِيَكَ ، وَإِمَّـا أَنْ تَبْتَاعَ مِنْهُ ، وَإِمَّـا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا طَيِّبَةً ، وَنَافِخُ الْكِيرِ إِمَّا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً " [١٢] .

---

[١٠] ( رواه البخاري ، برقم : ٦١١٠ ) .

[١١] ( رواه البخاري ، برقم : ٦١١٣ ) .

واتە : واتە : نموونەی هاوەڵی چاك و هاوەڵی خراپ : وەكو میسك فرۆش ( واتە : بۆن فرۆش ) و كوورەچی وایە ، میسك فرۆشەكە یان لەو بۆنەت پێدەبەخشێت یان لێی دەكڕیت یان بۆنی خۆشی لێ دەبیسیت ، بەڵام كوورەچی یان جلەكانت دەسوتێنێت یان بۆنی پیسی لێدەبیسیت .

**چوارەم :** باوك ودایك وریابن هەرگیز وشەی خراپ بەكار نەهێنن و دووركەونەوە لەهەموو وتە و وشەیەكی خراپ و ناشرین .

## سێیەم : پەروەردەیی دەروونی

مەبەست لەپەروەردەیی دەروونی پەروەردەكردنی منداڵە لەسەر چاونەترسی وئازای و زیرەكی ، وە هەست نەكات بە هیچ كەم و كوڕی وناتەواویەك ، تاكو ئەو كاتەی تەمەتی دەگاتە تەمەنی فامیدەیی و پێگەیشتن بە چاك ترین شێوە بەو پێویستیانە هەستی كە لە سەریەتی .

وە ناشتنی ئەم ڕواڵەتە دەرونیانەش بۆ منداڵ بەچارەسەر كردنی دژەكانی دەبێت ، وەكو : شەرمۆكی ، و ترسان ، و هەست كردن بەكەم وكوڕی و ناتەواوی ، و حەسادەت ، و جگە لەمانەش كە ناتوانرێت لێرەدا كۆبكرینەوە .

**سەبارەت بەشەرمۆكی** : لە كاتێكدا لەمنداڵ بەدی دەكرێت كە دەبینرێ سەردادەنوێنێت وچاوەكانی دەبەستێت یان هانا دەباتە بەر كۆشی دایكی ، هەموو ئەوەش ئەگەر كەسێكی نەناس لەگەڵیدا بدوێت ، بۆیە هاندانی دایك بۆ منداڵەكەی بەوەی كە لەگەڵ خەڵكدا تێكەڵ بێت بەهەموو چین و توێژێكەوە ، و ئاخاوتن و وت ووێژیش لەگەڵیاندا بكات بەباشترین شێوە ، ئەم دیاردەیە چارەسەر دەكات ، بە ڕێژەیەكی گەورە ، بۆیە دەبینین هاوڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو كات هەوڵیان دەدا منداڵەكانیان لەسەر جورئەت و چاونەترسی ڕابهێنن لەئاخاوتن لەگەڵ دەورەبەریاندا ، لەگەڵ ڕەچاوكردنی بنەواكانی ڕێزگرتن .

وە ئەوەش بەدی دەكەیت لە هاندانی ( عمر ) ی كوڕی ( خطاب ) رضي الله عنه بۆ ( عبدالله ) ی كوڕی رضي الله عنه لەسەر وەڵامدانەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە ئەو دەرختەی كە گەڵاكەی ناوەرێت ، كە ( عبدالله ) خۆشی لە دڵیدا بوو كە درەختەكە دارە خورمایە .

لە ( عبدالله ) ی كوڕی ( عمر ) ەوە رضي الله عنه ئەفەرمووێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : " إِنَّ مِنَ الشَّجَرِ شَجَرَةً لاَ يَسْقُطُ وَرَقُهَا ، وَإِنَّهَا مَثَلُ الْمُسْلِمِ ، فَحَدِّثُونِى مَا هِىَ ؟ " . فَوَقَعَ النَّاسُ فِى شَجَرِ الْبَوَادِى . قَالَ عَبْدُ اللهِ : وَوَقَعَ فِى نَفْسِى أَنَّهَا النَّخْلَةُ ، فَاسْتَحْيَيْتُ ، ثُمَّ قَالُوا : حَدِّثْنَا مَا هِىَ يَا رَسُولَ اللهِ قَالَ : " هِىَ النَّخْلَةُ " [١٣] .

---

[١٢] ( رواه البخاري ، برقم : ٥٥٣٤ ) .

[١٣] ( رواه البخاري ، برقم : ٦١ ) .

واتــه : لــەناو درەختەكانــدا درەختێـك هەیـە گەڵاكـەی ناوەرێـت ، نمونـەی ئـەو درەختـە وەكــو مــوسڵمانان وایــه ، پێم بلێن كامەیە ؟ خەڵكی كــەوتنە بیركردنـەوە لە درەختـەكان ، ( عبـــدالله ) ﷺ ئەلێێت : من لەدڵی خۆمەوە وتم درەختی خورمایە ، بەڵام شەرمم كرد بیڵێم ، پاشان فەرموویان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پێمان بڵێ كامەیە ؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : دارە خورمایە .

( عبدالله ) ی كوڕی ( عمر ) ەوە ﷺ فەرمووی : بۆ باوكمم گێڕیەوە ئەوەی كە هات بەدڵمدا ، ئەویش فەرمووی : ئەگەر بتووتایە خێرتر و باشتربوو لەلام لە كۆمەڵە ووشترێكی چاك [١٤] .

**وەسـەبارەت بەترسـان** : جگە لە ترسان لە خوای گەورە . كە پێویستە لەدەرونی منداڵەكە بیچێنین . كە ئەوەش یـان ترسـێكی ئاسـاییە ، وەكـو ترسـان لـە ئاژەڵی دڕنـده ، یـان ترسـان لـەوەی لەبەرزیـەك بكەویتـە خـوارەوە ، یـان ترسـان لـەكارەبا و ئامرازەكـانی ، كـە ئـەوە شـتێكی پێویـستە بـۆ پاراستنی منداڵ .

یان ترسەكەی زیاتر و زۆرترە لەترسی ئاسایی : وە ئەبێتـە هـۆی بێزاری و دوودڵـی دەرونـی لـەلای منداڵەكە بەتایبەت لەو كاتەی كە دایك منداڵەكانی دەترسێنێت بەجنۆكە و شەیتانەكان ، یـان بە هـۆی گێڕانەوەی ئەو چیرۆكانەی كە باسی جنۆكە و عەفاریتی تیایە ، وە بە دانـی نـازێكی زۆر بـە منداڵەكـە لـە لایەن دایكیەوە ، لە گەڵ نیگەرانی زۆر لە سەر منداڵەكەی .

جا پێویستە لەسەر دایك دوور بكەوێتەوە لە هەموو ئەمانە ، لە گـەڵ پتـەوكردنی بـاوەڕبوون بـەخوا و بەهێز كردنی لەدەرونی منداڵەكەیدا .

**هەروەها سەبارەت بە هەسـت كـردن بەناتـەواوی وكـەم وكـوڕی** : ئەوەش یەكێكە لە دیاریدە دەرونیە خراپ و ترسناكەكان ، كە پێویستە چارەسەر بكرێ پێش ئەوەی لـەدەرونی منداڵەكەدا تەشەنە بكات و جێگیر بێت .

ئەوەش بەچارەسەركردنی هۆكارەكـانی ، وەكو ڕیسواكردن و سوكایەتی پێكردن ، و گاڵتـە پێكـردن ئەم لەئەو بەباش زانین لـەنێوان منداڵەكانـدا ، و جگـە لەمانـەش لـە گوفتـار و كـرداردا ، بەتایبـەت ئەگـەر دووبـارە بێتـەوە بەشـێوەیەكی بەرچـاو و بینـراو ، چارەسەركردنیـشی بـەوە دەبێـت و تـەواو دەبێـت كـە شوێنی بنەوا و فێرگوزاریە ئیسلامیەكان لە ڕێزگرتنی نەفس و كەسایەتی مرۆڤ ، و هەڵس وكەوت كـردن لەگەڵیاندا بەدادپەروەری و یەكسانی .

[١٤] ( فتح الباري ح١ ص١٤٦ ، بە دەسكاریەوە ) .

## چوارەم : پەروەردەی كۆمەڵایەتی

ئەوەی كە منداڵەكەت ڕابهێنی ، كوڕبن یان كچ هەر لەمنداڵیەوە لەسەر ڕەوشت كردن بە ئاكار و ڕەوشتی كۆمەڵایەتی ئیسلامی ، وە ئەم جۆرە پەروەردەیە لە گرنگترین بەرپرسیاریەكانە لە پێگەیاندنی لاودا ، هەروەها كۆكەرەوەی هەموو ئەو چاكانە كە باسمان كرد لە پێشودا لەجۆرەكانی پەروەردە ، وە تیایدا شوێنەواری هەموو بابەتەكانی پێش خۆی دەردەكەوێت .

پەروەردەی كۆمەڵایەتی پەیوەستیشە بە پەروەردەی دەروونیەوە ، لەوەوە كە ئەبینین خاڵی بەیەك گەیشتن هەیە لە نێوانیاندا ، بەتایبەت ئەو هۆكارە دەرونیە پەیوەستانەی كە پەیوەستن بە پەروەردەی كۆمەڵایەتی ، وەك : خۆپارێزی و لەخوا ترسان ، و برایەتی ، و بەزەیی ، و خۆنەویستی ( الإيثـار ) و لێبووردەیی ، و جگە لەم هۆكارانە ، زیاد لەسەر ئەمانەش ڕەچاوكردنی مافی كەسانی تر ، ئەویش بەگوێرەی كەس وكاری نزیك ، وهاوڕێی ، و چاكەكاری ، و تەمەن و هاوسێیەتی .

وە لە گرنگترین ڕەگەزەكانی پەروەردەی كۆمەڵایەتی فێركردنی منداڵان و ڕاهێنانیان لەسەر ئادابەكانی سەلام كردن كە ئەوەش ( سەلامی ئیسلامیە ) ، و ئادابەكانی ڕوخسەت وەرگرتن یان ئیزن وەرگرتن ، و ئادابەكانی كۆڕ و مەجلیس ، وقسە كردن ، وئادابەكانی پیرۆزبایی وسەرەخۆشی كردن ، و ئادابەكانی پشمین ، و ئادابەكانی سەردانی نەخۆش ، وئادابی خواردن وخواردنەوە وجل وبەرگ ، وەكو : یادو زیكركردنی ناوی خوا لەكاتی نان خواردندا ، و بەدەستی ڕاست نان خواردن ، و بەڵگەی ئەمانەش ئەو فەرموودەیەیە كە ( عمر ) ی كوڕی ( أبو سلمة ) دەیگێڕێتەوە لە ئامۆژگاری پێغەمبەری خوا ﷺ وئاراستەكردنی لەكاتێكدا كە منداڵ بوو ، و پێی فەرموو : " يا غلام سمّ ، وكل بيمينك ، وكـل مما يليك " [١٥] ، واتە : ئەی منداڵ ( بسم الله ) بكە ، و بەدەستی ڕاستتت نان بخۆ ، و لەپێش دەستی خۆتەوە بخۆ .

وە هەروەها ئەو زیكرانەی كە پەیوەستن بەهەموو كردارێكەوە ، و سوپاس وستایش كردنی خوای پەروەردگار لەسەر هەموو نیعمەتەكانی .

هەروەكو چۆن كچ ڕادەهێنرێت لەسەر ئەحكامەكانی حیجاب ، و فەرمان پێكردنی لەو كاتەی كە پێویست دەبێت لەسەری .

---

[١٥] ( رواه البخاري : ٥٠٦١ ) .

## پێنجەم : پەروەردەی جەستەیی

بەڕاستی لەو پێویستیەی كە داخوازراوە ئەوەیە كە منداڵان كوڕان وكچان پێبگەیەنین لەسەر بەهێزیی و تواناداری لەجەستەدا ، و تەندروستیان لە تەندا ، وە ئەوەش یارمەتی دەری ئەوەیە كە دایك بایەخ بدات بە تەندروستی خواردنەكەی و ئەمانەت داریتی لە نانپێدانەكەیدا ، كەواتە نابێت حەرامیان پێ بدات ، یان ئەوانەشیان پێ بدات كە شوێنی گومانە ، لە گەڵ شوێن كەوتنی ئەو یاسا تەندروستیانەی كە هەن سەبارەت بە خواردن و خواردنەوە و جل وبەرگ و خەوتندا . وە فێری ئەو ئادابە ئیسلامیانەیان بكەین كە پەیوەستە بەو كارانەوە ، وە نەهێڵین زیادڕەوی بكەن لە خۆشگوزەرانی و لە هیچ شتێكی تردا زیاد لەسەر پێویست بێت ، ئەویش بەجێ بەجێ كردنی فەرمانی خوای پەروەردگار لەم فەرمایشەیدا كە فەرموویەتی : ﴿ يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلاَ تُسْرِفُوا إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ﴾ ( سورة الأعراف : ٣١ ) ، واتە : ئەی نەوەكانی ئادەم خۆتان داپۆشن لەنوێژەكانتاندا وجلی جوان لەبەر بكەن ، وبخۆن وبخۆنەوە ، بەبێ ئەوەی ئیسراف و زیادەڕەوی تیا بكەن ، چونكە خوای پەروەردگار موسریفانی خۆش ناوێت .

هەروەك چۆن سونەتە هەموو كەسێكیان . لە هەردوو ڕەگەزەكە . ڕابهێنین لەسەر ئەوەی كە گونجاو و شیاوە لە گەڵیاندا ، لە جۆری ئەو وەرزشانەی كە حەلاڵن وەكو : ڕاكردن و پێش بڕكێ و زۆرانبازی . هەموو جۆرەكانی ئەم وەرزشانەش پێغەمبەری خوا ﷺ كردوونیەتی ، و بێدەنگیش بووە لەوەی كە هاوەڵەكانی كردویانە رضي الله عنهم .

نموونەی ئەوانەش ئەوەیە كە دایكی باوەڕداران ( عائشة ) ی كچی ( أبو بكر الصديق ) . ڕەزای خوا لە خۆی و باوكی بێت . ، و خێزانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەیگێڕێتەوە : " أنها كانت مع رسول الله ﷺ في سفر وهي جارية ، فقال لأصحابه : تقدموا ، ثم قال : تعالي أسابقك ، فسابقته فسبقته على رجلي ، فلما كان بعد خرجت معه في سفر فقال لأصحابه تقدموا ، ثم قال : تعالي أسابقك ، ونسيت الذي كان وقد حملت اللحم ، فقلت : كيف أسابقك يا رسول الله ! وأنا على هذا الحال ؟ فقال : لتفعلن فسابقته فسبقني ، فقال : هذه بتلك السبقة "[16] ، واتە : لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووم ﷺ لەگوزەرێكدا ( سەفەرێكدا ) لە كاتێكدا . لاو بووم . ، پێغەمبەری خوا ﷺ بەهاوەڵانی فەرموو : پێشكەون پاشان فەرمووی : وەرە باپێش بڕكێ بكەین پێش بڕكێم لەگەڵا

[16] ( سنن أبي داود ، برقم : ٢٥٧٨ ، وصححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٢٢٤٨ ) .

كرد لێم بردەوە ، وە پێش بڕكێكەشمان بەپێ بوو ، پاش ماوەیەكی تر جارێكی تر لە گەڵیدا دەرچووم لە گوزەرێكی تردا ( سەفەرێكی تردا ) بەهەمان شێوە بەهاوەڵانی فەرموو : پێش كەون ، پاشان فەرمووی وەرە باپێش بڕكێت لەگەڵا بكەم ، پێش بڕكێكەی ترم لەبیر چوو بوو كە كردبوومان . لەو كاتەدا قەڵەو بووبووم . پێم ووت : چۆن پێش بڕكێت لەگەڵا بكەم من حاڵم وایە ، ئەویش فەرمووی : ئەبێ بیكەیت ، منیش پێش بڕكێم لەگەڵدا كرد ، لێی بردمەوە ، پاشان فەرمووی : ئەمە بەوەی پێشوو كە لێمت بردەوە .

وە سەبارەت بە زۆرانبازی جێگیربووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ كە زۆرانی گرتووە لەگەڵ ( ركانة ) دا ، هەروەكو لە ( أبو جعفر ) ی كوڕی ( محمد ) كوڕی ( علي ) كوڕی ( ركانة ) وە ئەویش لەباوكیەوە : " أن ركانة صارع النبي ﷺ ، فصرعه النبي ﷺ "[١٧] ، واتە : ڕكانە زۆرانی گرت لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ و پێغەمبەری خواش ﷺ لێی بردووەتەوە .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ بێ دەنگ بووە لە كاتێكدا كە هاوەڵانی زۆرانیان گرتووە ، هەروەكو ( ابن هشام ) دەڵێ : (( پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەی دا بە ( سمرة ) ی كوڕی ( جندب الفزاري ) رضي الله عنه و ( رافع ) ی كوڕی ( الخديج ) رضي الله عنه كە هەردووكیان تەمەنیان بیست وپێنج ساڵ بوون زۆرانبازی بكەن ، كە لە پێشتر ڕێگیری لێكردبوون ، پێیان وت : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ( رافع ) پێشنیاری ئەوە دەكات ، ئەویش ڕێی پێ دا كاتێ ڕێیدا بە ( رافع ) پێیان ووت : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ( سمرة ) زۆران دەگرێت لەگەڵ ( رافع ) دا ئەوەیش : ڕێی پێدا ))[۞] .

## شەشەم : پەروەردەی جنسی

قورئانی پیرۆز و سونەتەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەقێلێكی زۆر دەگرێنەخۆ كە چارەسەری بابەتی پەروەردەی جنسی دەكات چارەسەركردنێكی ڕیشەیی ، بەشێوازێكی زانیارانە و بەحیشمەت و ڕەوشت بەرزیانە ، دوور لە هەموو وروژێنەرێكی ( جولێنەرێكی ) جنسیە بەدخو و لادراو ، و بەشێوەیەكی گونجاو لەگەڵ داواكاریەكان و پێویستیەكانی فیترەت لە تێركردنی حەز و ویستە جنسیەكان .

وە ئایینی ئیسلامی پیرۆزیش ئەم حەز و ویستەی بەچەندەها ڕێكخەر و پێوەر دەورەداوە و ڕێكی خستووە ، و بە شێوەیەك پیاوان وئافرەتان خۆیان دەپارێزن لەوەی كە چاو بڕنە

[١٧] ( صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٢٢٤٨ ) .
[۞] **بڕوانە** : ( الروض الأنف في تفسير السيرة النبوية لابن هشام : ص ١٥٠ ) .

**ئـەوانەی کە خـوای پـەروەردگا حـەرام و قەدەغـەی کـردووە لەسـەریان ، خـوای بـەرز و بڵـند سـەبارەت بـە پیاوانـەوە فـەرموویـەتی :** ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴾ ( سورة النور : ٣٠ ) ، **واتە : ئـەی پێغـەمـەری خـوا بـەپیاوانی بـاوەڕداران بڵـێ : بـا چـاوی خـۆیـان بپارێزن وعەورەتیشیان بپارێزن ، چونکە ئەوە پاکتر و چاکترە بۆیـان ، خـوای گـەورەش ئاگـادارە بـەوەی کە ئەنجامی دەدەن و دەیکەن .**

**وە سـەبارەت بـە ئافرەتانـەوە فەرموویـەتی :** ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ ( سورة النور : ٣١ ) .

**وە گومانیشی تێدا نیە کە ئەم فەرمانە خواییانە هاتوون بۆ پاراستنی ئاوی چاوی پیاوان وئافرەتانی ئیماندار لەوەی کە بەفیڕۆ بدرێت ( واتە : بەڕەڵا بکرێت ) کـە دەبێتـە هـۆی جوڵانـدنی حـەزو ویستەکانی مرۆڤ ، وپاڵنەریشیان بۆ ڕێگە حەرام وقەدەغە کراوەکان .**

**ئاشکراشە کە ئاینی ئیسلامی پیرۆز ڕێکخستنی ئارەزوە جنسیەکان ، و پاڵاوتەکردنی لەلای تازە پێ گەیشتووواندا کردووە بەیەکێك لەو پیویستیانەی کە دەکەونە سەرشانی دایك وباوك ، و ئەوانـەش کـە لـە حوکمی ئەواندان .**

**هـەروەها ئیسلام پلەپلـەیی لـە تەمـەنی منداڵی ڕەچاو کـردووە ، تـاکو بـە پلەپلـە زانیـاری هـەبێت و وەرگرێت لەسەر کاروباری جنسی ، بۆ ئەوەی نەکو لەناکاو و بەڕێگەیەکی شێواندراو ڕاستی پەیوەندی جنسیەکان پێ بگەیەنرێت ، بۆیە نابێ باوکان ودایکان واز لەباس کردنی ئەو بابەتانە بێنن بۆ ئەوەی لـە هـاوەڵ وبرادەرەکانیانـەوە فێـری ئـەو باسـانە بـن ، کـە دەبێتـە هـۆی فێربـونێکی نادروسـتی منداڵەکـە بـۆ بابەتـە جنسیەکان بەشێوەیەکی ئاوەژووکراوی ، وە بەڕێگەیـەکی لار کـە لەوانەیـە ببێتـە هـۆی لەخشتە بردنی لادانی و فڕێدانی بۆ ناو گۆماوی خراپەکاری وتاوان .**

هەروەکو پێویستە ڕاستی بابەتە جنسیەکان تەواوکاری پێ بکرێت هاوشان لەگەڵ سەردەمی پێگەیشتندا ( المراهقة ) کە پڕە لە دڵەڕاوکێ و نائارامی دەروونی ، لە لای لاوان کوڕ بن یان کچ ، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەیان لە پێ هەڵخلیسکان بۆ ناو هۆکارەکانی تاوان و پاڵنەرەکانی .

بۆیە دەبینین زانایان وشەرع زانانی ئاینی ئیسلامی پیرۆز هەستاون بەڕون کردنەوەی ئەم بابەتە ولێکدانەوەی بەشێوەیەکی تێر و تەسەل و تەواو بۆ هەموو بابەتێك لەو بابەتانە کە تیایدا باس لە قۆناغەکانی تێپەڕبوونی مرۆڤ لەژیانی جنسی دا دەکات ، لەگەڵ باس کردنی ئەو ئاداب وئەحکامانەی کە شەریعەتی ئیسلام پێی هاتوون و پێویستە ڕچاو بکرێت ، پابەند بین پێیانەوە ، ئەمانەی خوارەوەش گرنگترین ئەو بابەتانەن :

**١ - ئەو قۆناغەی تەمەنی منداڵان کە ئەبێ تیایدا پابەند بکرێت بەوەی کە ئیزن وەرگرن لە چەند کاتێکی دیاری کراودا** ، لەبەر ئەم فەرمایشەی خوای گەورە کە دەفەرمووێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ مِّن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ﴾ ( سورة النـور : ٥٨ ) ، واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە خوای گەورە فەرمان بە بەندە و ئەو منداڵانەتان دەکات کە هێشتا بالغ نەبوون بەوەی کە مۆڵەت وەرگرن ( بۆ چونە ژووری تایبەتتانەوە ) لە سێ کاتدا ، ئەو کاتانەش : لە پێش نوێژی بەیانی ، و لەو کاتەی کە پۆشاکتان دادەنێن لە کاتی نوێوەڕۆدا ، و لە پاش نوێژی عیشا .

**٢ - قۆناغی ئەو تەمەنەی کە جێگە خەوی منداڵی تێدا جیا دەکرێتەوە** :

بە تایبەتکردنی جێگەیەك بۆ هەر منداڵێك کە گەیشتبێتە تەمەنی دە ساڵی ، وە بە تایبەتکردنی ژوورێکی سەربەخۆ بۆ هەموو کچ وکوڕێك لەبەر ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " مروا أولادكم بالصلاة و هم أبناء سبع سنين و اضربوهم عليها و هم أبناء عشر سنين و فرقوا بينهم في المضاجع " [١٨] .

واتە : فەرمان بکەن بە منداڵەکانتان بە ئەنجامدانی نوێژ لەتەمەنی حەوت ساڵی ، و لێشیان بدەن لەسەر ئەنجام نەدانی نوێژ لەتەمەنی دە ساڵی ، هەر لەو تەمەنەشدا جێگەی خەوتنیان لەیەك جیا بکەنەوە .

---

[١٨] ( رواه أحمد في مسنده : ١٧٨/٢، وقال عنه الألباني : حسن ، انظر : صحيح الجامع الصغير وزيادته : برقم : ٥٧٤٤ ) .

**٣ - قۆناغی و تەمەنی ئیزن وەرگرتنی گشتی ، واتە : لە هەموو كاتێكدا :**

**ئەمەش بۆ ئەو مندالانەیە كە پێگەیشتوون وبالغ بوون ، لەبەر ئەم فەرمایشەی خوای پەروەردگار كە فەرموویەتی :** ﴿ وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾ ( سورة النور : ٥٩ ) **، واتە : ئەگەر مندالەكانتان گەشتنە تەمەنی پێگەیشتن ، و بالغ بوون بائیزن وەرگرن لەهەموو كاتەكاندا ، هەروەكو چۆن ئەوانەی پێش ئەوان ئیزنیان وەردەگرت ، خوای گەورەش ئەمەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە خوای گەورەش زانا و دانایە .**

**وە لەم قۆناغەدا نیشانەی پێگەیشتن وبالغ بوون . كە كوڕ و كچ تیایدا جیاوازن . دەردەكەوێت ، كچ جیادەكرێتەوە بە دەركەوتن و ئاشكرابوونی چەند نیشانەیەكی تایبەت ، وەكو : دەرچونی خوێنی حەیز ، وە لەم تەمەنەدا حیجاب لە پیاوانی نامەحرەم پێویست دەبێتە سەریا .**

**وە لەبەرێ چوون لە گەڵ ئەحكامە شەرعیەكاندا لە پابەند بوون بەحیشمەت وڕەوشت جوانی و خۆپارێزی لەكۆمەڵگای موسڵماندا ، هەموو پیاو و ئافرەتێكی موسڵمان پلەی كۆمەڵایەتی وئیش وكاری هەرچۆنێك بێت پێویستە لەسەری دوربكەوێتەوە لەهەموو ئەو شتانەی كە ئارەزوە جنسیەكان دەووروژێنێت ، هیچ جیاوازیە كیش نیە لەنێوان ئەو وروژاندنە لەسەر شێوازی بڵاو كراوە بێت یان پەرتوك یان ئەو شتانەی پەخش دەكرێن بەهۆی ناوەندەكانی ڕاگەیاندن ، خوێندراوە بێت یان بیستراو یان بینراو .**

**ئاینی ئیسلامی پیرۆز گرنگی داوە بە مرۆڤ لەم تەمەنەدا ، ئەوەتا هانی دەدات لەسەر ژن هێنان لەیەكەم هەلدا كە ئەتوانی هەستێ بە نارەحەتیەكاتی ژن ومێردایەتی تیایدا ، ئەوەش بۆ پاراستنی عیرز و ناموس و ڕەوشت ، وریاشی كردوینەتەوە لە تێكەڵاوبوونی ڕەچەڵەك ، لە ( عبداللە ) ی كوڕی ( مسعود ) ەوە ﷺ ئەفەرموێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی :** " يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَــزَوَّجْ ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ " [١٩] **، واتە : ئەی كۆمەڵی لاوان هەریەك لە ئێوە توانای هەیە با ژن بهێنێت ، وە هەر كەسێكیش توانای نیە ئەوە با ڕۆژوو بگرێت ، چونكە ڕۆژوەكە شكێنەر و كەمكەرەوەی ئارەزووەكانیەتی .**

**لەكاتێكدا كە ئەم فەرموودەیە ئافرەتی موسڵمان ئامادە باش دەكات بۆ بانگەشە كردن ، بۆیە پەروەردەی جنسی لەوبابەتە زۆر گرنگانەیە كە پێویستە ئافرەتان لێی شارەزا و بەئاگابن ، بۆ ئەوەی زانین وشارەزا بوونی ئەحكامەكانی ئاینەكەی ، لە پاكبونەوە لە خوێنی سوڕی مانگانە و زەیسانی و**

---

[١٩] ( رواه البخاري : ٤٧٧٩ ) .

**لەشگران بوون لەخەودا ( الإحتلام ) و جگە لەوانەش ، كە پێویستە حیسابی بۆ بكرێت بۆ ئەنجامدانی پەرستشەكانی لە سەر شێوەی پێویست ، و پاشان هەستان بەپێویستی بانگەشەی هاو ڕەگەزانی خۆی لە كچان ، وە ئەمەش ئەوەیە كە نابێت بەهیچ شێوەیەك عەیب وشەرم وحەیای تێدا بكرێت ، ئەوەتا عائیشە ڕەزای خوای لیّ بێت ئەفەرموێت :** " نِعْمَ النِّسَاءُ نِسَاءُ الأَنْصَارِ لَمْ يَكُنْ يَمْنَعُهُنَّ الْحَيَاءُ أَنْ يَتَفَقَّهْنَ فِي الدِّينِ " [٢٠] **، واتە : باشترین ئافرەتان ئافرەتانی پشتیوانانە ( واتە : ئەنصاریەكان ) بوون ، چونكە شەرم كردن ڕیّی لیّ نەدەگرتن لە فێربوون وشارەزا بوونیان لە ئاینەكەیاندا .**

**وە لێرەدا فەرموودەی ئەو ئافرەتە باس دەكەین كە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و پرسیاری دەربارەی چۆنێتی غوسل كردن وخۆپاك كردنەوە كرد لە حەیزدا ، كە بەڵگەیەكی زۆر بەهێزە لەسەر پێویستی فێربوونی ئافرەتان بۆ ئەحكامەكانی ئاینەكەیان .**

**لە عائیشە ڕەزای خوای لیّ بێت ئەفەرموێت :** " أَنَّ امْرَأَةً سَأَلَتِ النَّبِيَّ ﷺ عَنْ غُسْلِهَا مِنَ الْمَحِيضِ ، فَأَمَرَهَا كَيْفَ تَغْتَسِلُ قَالَ : خُذِي فِرْصَةً مِنْ مِسْكٍ فَتَطَهَّرِي بِهَا . قَالَتْ كَيْفَ أَتَطَهَّرُ ؟ قَالَ : تَطَهَّرِي بِهَا . قَالَتْ : كَيْفَ ؟ قَالَ : سُبْحَانَ اللَّهِ تَطَهَّرِي . فَاجْتَبَذْتُهَا إِلَيَّ فَقُلْتُ : تَتَبَّعِي بِهَا أَثَرَ الدَّمِ " [٢١] **، واتە : ئافرەتێك پرسیاری كرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی خوێنی حەیز چۆنێتی غوسڵ لیّ كردنی وخۆ لیّ پاك كردنەوە ؟ ئەویش فەرمووی : پارچە لۆكەیەك بێنەو میسكی لیّ دە و خۆتی پیّ پاك بكەرەوە . ئافرەتەكە ووتی : چۆن خۆمی پیّ پاك بكەمەوە ؟ فەرمووی : خۆتی پیّ پاك بكەرەوە ئافرەتەكە ووتی : چۆن ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : پاك وبێگەردی بۆ خوا !! خۆتی پیّ پاك بكەرەوە . منیش ڕام كێشا بۆ لای خۆم و پێیم ووت : بەدوای شوێنەواری خوێنەكە دەكەیت . واتە : ئەو شوێنەی كە خوێنەكەی لێیوە دەردەچێت .**

**لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە :** " إِنَّ النَّبِيَّ ﷺ اسْتَحْيَا فَأَعْرَضَ بِوَجْهِهِ " [٢٢] **، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ شەرمی كردو ڕووی لیّ وەرگێڕا .**

**وە سەبارەت بەباسی لەش گران بوون لە خەودا ، لە فەرموودەی ئوم سەلەمە دایكی ئیمانداران كە ئەفەرموێت :** " جَاءَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ امْرَأَةُ أَبِي طَلْحَةَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ ، إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ ، هَلْ عَلَى الْمَرْأَةِ مِنْ غُسْلٍ إِذَا هِيَ احْتَلَمَتْ ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : نَعَمْ إِذَا رَأَتِ الْمَاءَ " [٢٣] **، واتە : دایكی سولیم خێزانی ئەبی تەلحە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ**

---

[٢٠] ( رواه مسلم ) .

[٢١] ( رواه البخاري : ٣٠٩ ) .

[٢٢] ( رواه البخاري : ٣٠٩ ) .

[٢٣] ( رواه البخاري : ٢٧٨ ) .

خوای گەورە شەرم لە حەق و ڕەوایی ناکات ، ئایە غوسڵ لەسەر ئافرەتان پێویستە ئەگەر خەویان بینی ؟ پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : بەڵێ ئەگەر ئاویان بینی .

## حەوتەم : پەروەردەیی بانگەشەیی

مەبەست لە پەروەردەیی بانگەشەیی ئەوەیە کە تازە پێ گەیشتوەکان ڕابهێنرێن و ئامادە باشیان بکەین هەر لەسەرەتایی تەمەنیانەوە لەسەر بانگەشە کردن بۆ لای خوای پەروەردگار ، وە بۆ لای پەیامەکەی بە هەموو ڕەگەزەکانیەوە بەگشتی لە پەروەردەکردن و فێرکردندا ، وە بە ئامۆژگاری کردن و بەفەرمان کردن بەچاکە و یاساغی کردن لەخراپە ، تاکو بانگەشە کردن دەڕواتە ناوخوێن و دەماریاندا ، تاکو پیر دەبن و دەگەنە هەموو ئەو پەیوەندیانەی ئەم کردارە گەورەیە ، وە بەوەش . بە پشتیوانی خوای پەروەردگار . بەردەوامی بانگەشەیەکی بەتوانا و بەردەوام سۆگر دەکەین لە نێوانیاندا .

وە جیهانی ئیسلامی لەم ڕۆژانەدا توشی چەندەها خەسارۆتمەندی بوو بەهۆی نەبوونی بیرۆکە بانگەشەییەکان ، جا ئەوەش یەکسانە گەر لەئاستی تاکە کەسێکەوە بێت یان کۆمەڵە کەسانێکەوە بێت یان لەئاستی دەوڵەت ودەزگا و دەستە و کۆمەڵە گشتیەکان بێت لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا .

دەتوانین لێرەدا هەنگاو بەهەنگاوی پەیڕەوی دابنەین لەڕوانگەی ئەو ئاست وپلانەی کەپێشتر باس کران ، پاش ئەوەی کە هەمووان هەست بکەن بەو بەرپرسیارییە تایبەت و گشتیانە لەپەروەردەی بەرە و نەوە موسڵمانەکاندا لە کوڕان وکچان کە لە سەریانە ، وە ڕاهێنان وئامادەباش کردنیان بۆ بانگەشەکردن لەڕێگەی جێ بەجێ کردن و کارپێ کردنەوە لەناو خێزانەکان بچوک بێت یان گەورە ، وە ئەمەش بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵگا پێکهاتووە لەکۆی تاك تاکی بچوك وگەورەی خێزانەکان ، وە پاش ئەوەش بەڕاستی دەزگاکان و دەستەی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە لە تاکەکانی ئەم ئوممەتە ، ئەوانەی لە کۆشی خێزانەکاندا بەخێو دەکرێن و پەروەردە و پێدەگەن ، وە بەم چەند لایەنە پەروەردەییە تواناکان هاوکار دەبن بۆ دامەزراندنی کەسایەتی ئافرەتی موسڵمانی بانگەشەکار .

# کار گوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی ماڵەوە

ئەگەر موسڵمان لە بنچینەدا کارەکانی بەدڵسۆزیەوە بۆ خوا بێت ، و لەبەر ڕەزامەندی خوا بێت ئەوە عیبادەتە ، و بەچاکە و چاکەکاری بۆی دەنوسرێت . وە خزمەتکردنی ئافرەتانیش لە کۆمەڵگا بچووکەکانیاندا ( واتە : خێزان ) دەڕواتە ڕیزی ئەو کارەوە ، جا ئیتر لە بواری کۆمەڵایەتیەوە بێت ، یان لە بوارە بانگەشەییە جۆراوجۆرە زۆرەکاندا بێت ، لێرەدا هەندێك لەوانە باس دەکەین :

١ ـ **هەستان بەخزمەتکردنی مێرد** ، و بە دەست هێنانی ڕازی بوونی لەو شتانەی کە سەرپێچی کردنی خوای گەورە نیە ، وچاودێری کردن وچاککردنی ماڵ وخێزان .

٢ ـ **بەخێوکردن وپەروەردەکردنی منداڵی شیرە خۆر** : لە کاتێکدا ئەم خزمەت کردن و خزمەتگوزاریە گرنگی دانی ئافرەتی موسڵمان بەخواردنی منداڵەکە پێویست دەکات ، سەرەتا لە پاك ڕاگرتنی بنەڕەتی و لە سەرچاوەکەیدا ، و ڕێك خستنی ئەو کات و ژەمانەی کە خواردنی تیادا دەخوات ، لە گەڵ بایەخ دان بەو جۆرە خواردنانەی کە تەنها سودیان ناگاتە دایکەکە بەڵگو کۆرپەلەکەش پێ ی سودمەن دەبێت ، لە کاتێکدا کە خواردنی باش و جۆراوجۆر یارمەتی زۆر بوونی شیری دایك دەدات ، وە ناشبێت ناچاری بکات بۆ ئەوەی پشت ببەستێت بەشیری دروست کراو کە دڵنیا و ئەمین نەبێت لە ئاکام و دەرەنجامی .

هەروەکو چۆن هەڵدەسێت بە پاککردنەوەی جەستە و گیان وجل وبەرگی وجێگەی ، وە ئەو شوێن و جێگەی کە تیایدا دەژێت ، لە گەڵ چاودێری کردنی و بایەخ پێ دانی ، و دڵسۆزی وپەرۆشی بەزەیی پێهاتنەوە و شەو نەخونی کێشان و بەئاگا بوون بۆ ئەوەی پشوودانی ئەو ، و حەوانەوەی ، نزا و بۆ پاڕانەوەی ، و ئێش وئازار نەدانی بەجوێندان وقسەپێکردن ولێدانێکی بەئازار و توند و تیژ ، وە ئارام لەسەر گرتنیشی وە لە هەموو ئەوەشدا چاوەڕوانی پاداشتی ئەم کردارانەی بکات لە لای خوای پەروەردگار ، چونکە هەموو ئەم کردارانە شوێنەوارێکی باشیان هەیە ، و دەرئەنجامێکی ئاشکرا و هەستپێکراوی هەیە بۆ منداڵ و گەشەکردن وپەرەسەندنی جەستەیی وژیری وهۆشیاری ودەرونی وئیمانی ، وە بەڕێك وپێکی گەش ونما دەکات وە بەپێگەیشتنێکی تەواو پێدەگات .

٣ ـ **ئامادەکردنی خواردن وجل وبەرگ دوورین** : هەستانی ئافرەتی موسڵمان بە دروست کردن و ئامادەکردنی خواردن سەلامەتی وپارێزراوی خێزان دابین دەکات ، لەو حەرام وقەدەغەکراوە نامۆیانەی کە دێتە ناو پێکهاتەیەوە .

هەروەها هەستانی ئافرەت بەڕچاوكردنی ئەوەی كە پێویستە لە درومانی جلی پیاوان وئافرەتانیش بەهەمان شێوە بوونی جل وبەرگی شەرعی لەئیسلامدا دابین دەكات ، بۆیە ڕەچاوكردنی ئەمە یەكێكە لە گرنگترین پێویستیەكان ، بۆیە دەبینین لە ( أبـــو هريـــرة ) وە ﷺ بۆمان دەگێڕنەوە كە ئەفەرموێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لاَ يَقْبَلُ إِلاَّ طَيِّبًا ، وَإِنَّ اللَّهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ ، فَقَالَ : ﴿ يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴾ وَقَالَ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ ﴾ » .

ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ ؛ أَشْعَثَ أَغْبَرَ ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ : يَا رَبِّ يَا رَبِّ ، وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ ، وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ ، وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ ، وَغُذِىَ بِالْحَرَامِ ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ !!! " [٢٤] .

واتە : ئەی خەڵكینە ، خوای پەروەردگار باشە ( طيب ) ە ، و هیچ شتێكیش وەرناگرێ باش وچاك نەبێت ، وە خوای گەورە فەرمانی بەئیمانداران كردوە بەوەی كە فەرمانی بە پێغەمبەران كردوە . هەروەكو فەرموویەتی : ئەی پێغەمبەران لەوشتانە بخۆن كە پاك وباشە ، و كردارە چاكەكان ئەنجام بدەن ، چونكە من زانام بەو شتانەی كە ئێوە دەیكەن ، وە فەرموویەتی : ئەی ئەو كەسەی كە باوەڕتان هێناوە لەو ڕزق و ڕۆزیە پاك و باشە بخۆن كە پێمان بەخشیبوون .

پاشان باسی پیاوێكمان بۆ دەكات : كە لە سەفەرێكی درێژدا دەبێت ، و قژ تێكچو و خۆڵاویی بووە ، دەستەكانی درێژ دەكاتەوە بۆ ئاسمان ، و ئەڵێ : ئەی پەروەردگارم ئەی پەروەردگارم ، لە كاتێكدا كە خواردن و خواردنەوەی وجل وبەرگی حەرامە وحەرامیشی بەخواردراوە ، جا ئەو كەسە چۆن وەڵام دەدرێتەوە !!

وە ئەگەر بێت و ئەمە كاروباری كەسێكی بانگەشەكار بێت ، ئەوا خۆی بەدوور دەگرت لە بەفیڕۆدان وزیاد ڕەوی كردن لەخواردن وخواردنەوە ، و جل وبەرگ كردن ، و ناوماڵەدا ، كە ئەویش جێ بەجێ كردنی فەرمانی خوای پەروەردگارە كە دەفەرموێت : ﴿ وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَلاَ تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا ﴾ ( ســورة الإســراء : ٢٦ ــ ٢٧ ) ، واتە : مافی خزم وخێشتان بەجێ بهێنە ، و هەروەها مافی هەژارانیش ئەنجام بدە ، و هەروەها مافی ڕێبوارانیش جێ بەجێ بكە ، دەست بڵاویش مەبە وماڵ وسامانت بەفیڕۆ مەدە ، چونكە بەڕاستی

[٢٤] ( رواه مسلم : ١٠١٥ ) .

ئەوانەی ماڵ وسامانیان بە فیڕۆ دەدەن ئەوانە هەمیشە وەك برای شەیتانەكان وان ، شەیتانەكانیش لەبەرامبەر پەروەردگاریان زۆر ناشوكر و بەدنمەكەن .

هەروەكو چۆن دووردەكەوێتەوە لەو پارچە و ناومالانەی كە وێنەی گیان دار ، یان ناوی كەسان وهێمایەلێكی پێوەیە ، هێمان بۆ پەیوەندیە فیكریەكان بۆ جگە لەخوای پەروەردگار .

٤ . خزمەت گوزاری پاككردنەوە گشتیەكان لە ناو ماڵ و ناوماڵەكەشی ، و گرنگی دان بە ڕازاندنەوە و جوانكردنەوە گشتیەكانی ماڵ ، لە گەڵ هەڵبژاردنی ئەوانەی كە دەگونجێن لەگەڵ فەرمایش وئەحكامە شەرعیەكان لە ئیسلام ، بۆیە دوور دەكەوێتەوە لەبەكارهێنانی قاپ وقاچاخی ئاڵتوون وزیو ، و وێنەی گیان لەبەران ، جا ئیتر پەیكەر و داتاشراو بێت یان جگە لەوە ، یان ئەو شتانەی كە ئاماژە دەكەن بۆ پەرستشی جگە لە خوای پەروەردگار ، وەكو خاچ و ئەستێرە شەش لاكان ، و چەكوش و داس و وێنەكانی بوزا ، و هاوشێوەكانی ئەوانە .

هەروەها هەڵبژاردنی ئامرازی یاریكردنی منداڵیش دەچێتە ئەم بوارەوە ، بۆیە نابێت ئەو جۆرە یاریانە بهێنرێت بۆ منداڵ كە دەبێتە هۆی زەرەرمەندیان لە بیروباوەڕی ئیسلامی و لەش و پۆشاكەكانیان .

هەموو ئەو شتانەش كە پێش تر باسكران بەباشترین شێوە ئەنجام دەدرێن لەلایەن ئافرەتی موسڵمانەوە لەماڵەكەیدا بەهۆی هەستی باوەڕ و هزری بانگەشەی موسڵمانانەی .

## كاریگەری كەناڵەكانی ڕاگەیاندن لەماڵدا

هیچ كەسێك نیە نكوڵی بكات لەو كارەگەریەی كە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن وەك ڕۆژنامە نووسین وناوەندەكانی پەخش وتەلەفزیۆن هەیانە لەكاری گەری نادروست و دروست لە سەر دەرونی مرۆڤایەتی ، زۆر بە دەگمەنیش ماڵی وا هەبێت كە بەلای كەمەوە دووربێت لە یەكێك لەم سێ هۆكارە ، ئاشكراشە كە ئەم سێ كەناڵەی ڕاگەیاندنە ووت وێژ و ئاخاوتن دەكەن لە گەڵ بچوك وگەورە وپیاوان وئافرەتانیشدا .

وە ئەگەر بمانەوێت بەپێوەر وبنەما ئیسلامیەكان ئەوشتانەی كەپێشكەش دەكرێت لەناوەندەكانی ڕاگەیاندنەوە بپێوین لەم سەردەمەی خۆمان ، ئەوا دەبینین بەشی هەرە گەورەی پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو پێوەر و بنەمایانەدا ، هۆكاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی دەرك پێكردنی ئومەتی ئیسلام وجیاواز نەكردنی لەنێوان هۆكارەكانی پێشكەوتن خوازی و بیرۆكەكان ، هەروەك بڵێی كە ئەم دوو شتە دوو شتی

پەیوەستن بەیەکەوە ، و یەکێکیان لەوەی تر جیانابێتەوە !!! بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە کە ئوممەتی ئیسلامی ویستی هۆکارەکانی پێشکەوتن خوازانەی ڕاگەیاندن بگوێزێتەوە ، دەبینین بەخراپ وباشیەوە گواستیانەوە !! بەبێ ئەوەی هەستن بەداڕشتنی پیلانێکی ڕاگەیاندن کە گونجاو بێت لەگەڵ پێوەر و بنەما ئیسلامیەکان ، وە بەبێ ئەوەی کەسانێکی کارامە وپسپۆڕ ئامادە بکەن بۆ ئەوەی لەسەر ئەو پیلانە ڕاگەیاندنە بڕۆن ، بۆیە دەبینین لەئاکامدا بیرۆچکە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاتیەکان گوێزرانەوە بۆ ناو ئەم ئوممەتە ، کە هەر هەموو پێچەوانەن لەگەڵ پێوەر وبنەما ئیسلامیەکان ، ئەوانەش کە هەستان بەم کارە بۆ ناو موسڵمانان کەسانێکی سەر بەموسڵمانان بوون ، وە ئەو شتانەیان گواستەوە وپێشکەشیان کرد بە ئوممەتەکەیان بەشێوەیەك کە ڕاستیەلێکی بەڵگە نەویست و بێگومانن .

وە لەبەر ئەوەیە دەبینین ئەو ئامۆژکاریەی کە دتوانرێت پێش هەموو شتێك بخرێت و بوترێت ، ئەوەیە کە نابێت لەم کەنالانەی ڕاگەیاندنەوە شت وەربگیرێت ، تاکو کەناڵی ڕاگەیاندنی ئیسلامی جێگەی کەناڵە نائیسلامیەکان دەگرێتەوە .

جا ئەگەر لەتوانامان‌دا نەبوو هەستن بەم هەنگاوە لەکاتی ئێستادا ، ئەوا پێویستە هەستین بەهەڵبژاردنی باشترین بەرنامەی ڕاگەیاندن ، و وردەکاربین لەو هەڵبژاردەدا ، بۆ سوودمەند بوون بەو شتانەی کەتێیدا پەخش دەکرێن لەبەرنامە ئیسلامی وزانستیەکان کە دوورن لەهەموو جۆرە بیرۆچکەیەکی نامۆ ، لەگەڵ وریابوون و خۆپارێزی کردن لەو بەرنامانەی کە دژایەتی بیروباوەڕی ئیسلامی دەکەن ، لەگەڵ ئەوەشدا پارێزەر و قەلا ئیمانیەکان پتەو بکرێت ، بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر کاریگەری خراپی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن .

لە نموونەی ئەو بەرنامە چاکانەی کە دەتوانرێت هەڵبژێررێت لەم بوارەدا ، بەرنامەی قورئانی پیرۆز ، و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ ، لەگەڵ هەموو ئەو بەرنامە ئیسلامیانەی کە هەموو ڕۆژێك پەخش دەکرێت لەشەپۆلەکانی ڕاگەیاندن ، هەروەها چەندەها گۆڤاری ئیسلامی هەفتانە و مانگانە هەن کە دەتوانرێت سوود لەو بابەتانە وەربگیرێت کە تێیدا بلاو دەکرێنەوە ، هەواڵ بێت ، یان بابەتێلێك کە گرنگن بۆ ئافرەتانی موسڵمان لەژیانی ڕۆژانەیاندا ، لە ئەو بابەتانەی کە دەیخەنە ڕوو لەبواری بیروباوەڕ وشەریعەت وژیانی کۆمەلایەتی یەوە .

پووختەی ووتەش ئەوەیە : کە پێویستە بە ئاگاییەکی زۆرەوە هەڵس وکەوت بکرێت لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا ، بۆ ئەوەی کەسایەتی ئیسلامی لەو بوارەدا نەتوێتەوە ، و بیرۆچکەی ئیسلامی لەناونەچێت ، وە نەکو موسڵمانان شوێنی بیرۆچکە ڕۆژئاواییەکان بکەون لە بیروباوەڕ و شەریعەتی دا .

# ماڵی موسڵمان
# و تایبەت مەندی و جیاكەرەوەكانی

ماڵی موسڵمان جیا دەكرێتەوە بەچەند تایبەت مەندیەك ، وجیاش دەكرێتەوە لەهۆكارەكانی تری بانگەشە ، كە وای لیَ دەكات ڕۆڵێكی گەورەتری هەبێت لە ئاراستەكردن و ئامادەكردن بۆ بانگەشە ، لەو تایبەت مەندیانەش :

١ . كۆبونەوەی هەموو ئەندامەكانی خێزان لەزۆربەی كاتەكانی ڕۆژدا لەماڵێكدا ، و لەگەڵ هاو گونجانی دەرونی و كۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا ، لە زۆربەی جارەكاندا .

٢ . بینینی ئەندامەكانی خێزان بۆ پێشەنگ وسەرمەشقیان بونی لەپێش چاویان ، لەكاتی گوفتار و كردار و هەڵس وكەوتدا ، كە یاریدەرە بۆ زیاتر چاو لێكردنی .

٣ . دەتوانرێت ئامۆژگارییەكان بەدرێژایی ساتەكانی ڕۆژ ، و بەشێوەی پێویست پێیان بدرێت لەكاتی پێویستدا ، كە ئەوەش یارمەتی دەرە بۆ ئاسانكاری وەرگرتن وجێگیربوونی لەدەرون ومێشكی بەرامبەرەكەدا ، لێرەشدا بەئاشكرا ڕێگەی پڕ زانیارییەكانی خستنە ڕووی چۆنێتی دەردەكەوێت ، نەك ڕێگەی خستنە ڕووی چەندێتی ، هەروەكو لە كۆڕە گشتی و سیمینار و دەرسەكاندا دەردەكەوێت .

٤ . بەخشین و پیَ دانی بڕی پێویست لە چارەسەریەكان ، و بەپێی داواكاری ، چونكە ئەو كارە هاوشێوەیە لەگەڵ دانان وتیمار كردنی برینەكان بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ پێش ئەوەی بكەوێتە ژێر كاریگەریە نادروستە دەرەكیەكان ، ئەم ڕێگە چارەیەش گەورەترین یاریدەرە بۆ سەرخستنی چارەسەرییەكە .

٥ . خۆگونجان بۆ دانانی وانەی پێویست لە قورئان وزانستەكانی ، و فەرمووده وزانستەكانی ، لەگەڵ ژیان نامە ، و زانستە زمانەوانیەكان ، بۆ هەموو ئەندامەكانی خێزانەكە ، و لەهەر كاتێكی شەو بێت یان ڕۆژ ، وە بەپیَی توانا وپێویست ، هیچ جیاوازیەكیش نیە لەوەی ڕۆژانە بێت یان ڕۆژ بەڕۆژێك یان هەفتانە یان مانگانە ، بە ڕچاوكردنی بارودۆخی دەرونی و كۆمەڵایەتی ، بۆ ئەوەی گەورەترین هەست و وبەدەمەوە هاتن بەدەست بهێنرێت ، لەگەڵ دوورخستنەوەی وەڕەسی بەرامبەر كە هۆكارێكە بۆ دووركەوتنەوە ، هەروەها دەبێت منداڵەكانی ئاراستە بكات و هانیان بدات لەبەدەست هێنانە خوێندن وزانستەكان بەشێوەیەكی گشتی .

٦ . دەتوانرێت سوود وەربگیرێت لەبەرنامە ئیسلامیە پەخش كراوە جۆر بەجۆرەكان ، لەكاتی هەستان بەكارو باری ناوماڵ ، یان لەكاتی پشوودانی كاتی لەناڕەحەتی كارەكانی ڕۆژانە .

٧ . بەهەل زانینی كاتەكانی ڕۆشتنە ژوورەوە و دەرچون و نان خواردن و لەبەر كردنی پۆشاك و خەوتن و هەستان و چوونە سەر ئاو ، بۆ ڕاهێنانی دەوروبەر لەسەر ئادابە گشتیەكان و ئەو زیكرانەی كە تیایدا هاتووە ، لە گەڵ دووبارە كردنەوەی ئەوە لە بوارە هاوچەشنەكانیان .

٨ . ئاراستە و ڕێنماكردن ، یان جارجاریش سزادان لە ماڵەوە ، نەك لە پێش چاوی خەڵكی ، شوێنەوارێكی گەورە و چاكی دەبێت بۆ ئەم ئاراستەكردنانە ، و ئەو مەبەست و ئەنجامانەی كە مەبەست و ویستە .

٩ . تێبینی پێدانێكی بەردەوام ، و چاودێریەكی خۆیی بۆ خێزان لە سەر تاك تاكی خێزانەكە ، لە نێوان خۆیاندا ، بەوەی كە هانی یەكتر بدەن لە سەر یادخستنەوەی یەكتر لە كاتی پێویستی بەهەستان بە فەرمان كردن بەچاكە و یاساغی كردن لە خراپە و بانگەشەكردن بۆ لای خوای پەروەردگار ، كە هەڵی بوونی پارێزەری بەردەوام دەڕەخسێنێت بۆ هەموو تاكەكانی خێزانەكە .

١٠ . بوونی ژینگە و بارودۆخی ئیسلامیانە لە ناو ماڵدا یارمەتی دەری هەموو تاكەكانی خێزانە . وێڕای جیاوازی تەمەن و ڕەگەزیان . لە سەر دووركەوتنەوە لە هەڵسوكەوت و ڕەوشتی هەڵە و كرداری ناوازە و نامۆ .

١١ . دڵسۆزی دایك و باوك لە ڕێپیشاندان و ئاراستەكردنی منداڵانی كوڕ و كچانیان ، پاڵنەر دەبێت بۆ كرداری بەردەوام و بەبێ وەستان و خاوبوونەوە .

١٢ . ئافرەتان دەتوانن هەستن بە نووسین و دانان لەو بابەت و باسانەی كە پەیوەستن بە بانگەشەكردن ، لە كاتێكدا كە نووسین بە گرنگ ترین و ئاسانترین هۆكاری بانگەشەكردن دادەنرێت ، بەتایبەت بۆ ئافرەتان ، كە داخوازی ئەوەی لێناكات كە ڕۆژانە لە ماڵ بڕواتە دەر ، هەروەكو چۆن كاتەكانی دەست بەتاڵێ پڕكردووە لە كرداری بەروبومدار و پایەداری شكۆمەند و گەورەی بەبەها .

ئاشكراشە كە هەموو تایبەتمەندیەكانی ماڵ لێرەدا بەتەنها كۆناكرێتەوە ، چونكە تایبەتمەندیەكی زۆر هەیە و لە توانادا نیە و گرانە ژماردنی لێرەدا ، بەڵام وەكو نموونە لێرەدا ئەوەندەمان بەسە .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

=====================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەكەن